سنووری شاری قامیشلۆ لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕووبەڕووی سە هەرشی تورکیا بووەوە

ڕۆژی چوارشەممە (23ـی تشرینی دووەمی 2023) سنووری شاری قامیشلۆ لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕووبەڕووی سە هەرشی تورکیا بووەوە لە ڕێگەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە، یەکەمیان کەوتە سەر دامەزراوەیەکی خزمەتگوزاری لە شارچکەی ڕەمیلان، لە کاتێکدا لەناو شار لە پاشنیوەڕۆدا دوو ئۆتۆمبێلی کرانە ئامانج لە هەمان کاتدا نزیک گوندی شەراک لەسەر ڕێگای نێوان ناوەندی شاری قامیشلۆ و ناوچەی تربە سپی و نزیک شارچکەی تەل مەعروف ڕووبەڕووی هەرش بووە.

بەڕێوەبەرایەتی خەستەری ڕۆژئاوای کوردستان ئەمە پێنجشەممە لە بەیاننامەیەکدا شەهیدبوونی دوو هاوڵاتی و بریندارببوونی پێنج کەسی دیکەی ئاشکرا کرد.

شایەنی باسکردنە، ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو، سوپای تورکیا گوندی عەون ئەلدادات لە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری مەنبج بە چەکی قورس کرد ئامانج و لە ئەنجامدا حەوت هاوڵاتی مەدەنی بریندار بوون.